چیرۆک

**جووتیار ئەحمەد**



# بە هەواداچوون

چوار خولەکی مابوو پشووی وانەی یەکەم تەواو بێ، ئەو چووبووە پۆلەوە، لەوەو پێش ئەمانزانی کە مامۆستای تازەمان بۆ دێت. کە چووینە پۆلەوە مامۆستای تازە تەختەڕەشەکەی پڕکردبۆوە، دوان لە خوێندکارەکان نیو خولەک دوای کاتی دیاریکراو هاتنە بەردەم دەرگای پۆل، مامۆستا ڕێگەی نەدان بێنە ژوورەوە.

مامۆستای تازە وانەی ئابووری پێ ئەوتینەوە، سەری لە شووشە لوستر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو تەمەنە زۆرەی هەبوو بە شێوەیەکی سەردەمییانە خۆی گۆڕی بوو، تەمەنی

زۆر بوو ئەگەر تەمەنەکەیتان پێ بڵێم باوەڕ ناکەن، سەری تووکی پێوە نەمابوو، تاڵ تاڵ تووک بەسەریەوە دەبینرا وەک مارە بە تەمەنەکان، زۆر گیانداری بێتووک هەن کە ساڵانێکی زۆر ئەژین سەریان تووکی لێ ئەڕوێ، کە ئینسان کردوویەتی بە نیشانەی ترس، واتە ئەوە تووکی ئاسایی نییە بەڵکو نیشانەیەکە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ترس، ئەو تووکانە وەک شاخی بەرانیان لێ دێ، لەبەر ئەوە مامۆستاکەی ئێمە جوت قەڕنەینە. بە (باوکی مامۆستاکان) بانگیان ئەکرد، هەموو مامۆستاکانی شار ئەیانناسی، ئەوەندەیان باس ئەکرد لە وانەکانیاندا، لەبەر ئەوە هەموو مامۆستاکانی شار شێوەی ئەویان گرتبوو، ئێمە سەرجەم مامۆستایانی شارمان بە باوکی مامۆستا ئەهاتە بەرچاو، واتە باوکی مامۆستاکان شێوەی خۆی بەخشی بوو بە هەموو مامۆستاکان. و ئەیانوت سەرکۆمار ئەوەندەی ڕێز لێ ئەگرێ بۆی ئەکەوێتە سەر ئەژنۆ، هەموو ئەو پیاوە گەورانەی کە لە مێژووی شاردا ناویان بە نەمری ماوەتەوە مامۆستا وانەی پێ وتوونەتەوە، با نەیکەمە زۆربڵێیی لەم وڵاتەدا یەکەم کەس ئەو بووە بە مامۆستا، و لە حوجرەی مزگەوتیشەوە بووە بە خوێندەوار، پاشان بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شاری دامەزراندووە، بەڵام ئەوە یەکەم جار بوو وانە لە خوێندنگەکەی ئێمە بڵێتەوە، لەبەرئەوە ئێمە ئەوەندەی سەرنجی ڕوخساریمان ئەدا گوێمان لە قسەکانی نە ئەگرت، تایبەتمەندییەکی زۆر سەیری هەبوو کە هەموو خەڵک باسی ئەکەن ئەویش ئەوە بوو هەرگیز نەخۆش نەکەوتووە، بەڵام باڵای ساڵ دوای ساڵ کورت ئەبێتەوە، کاتێک وانەی بە ئێمە ئەوتەوە باڵای نیو مەتر کەمتر بوو، ئەمەش ئەبووە هۆی ئەوەی کە کورسییەک بەکاربهێنێ و بچێتە سەری تا لە کاتی نووسیندا دەستی بگاتە تەختەڕەشەکە.

لە ئابووری کلاسیکەوە ئەیهێنایەوە بۆ بازرگانی سەردەمی دیموکراسی، لە هەموو ڕستەیەکدا وشەی دیموکراسی بەکار ئەهێنا. دیموکراسی واتە گوێگرتن لە بەرامبەر، دیموکراسی و گۆڕان یەک ئیشیان هەیە. لە وانەیەکدا کە باسی دژایەتی نێوان تیۆرەکانی تۆماس ماڵتۆس و داروینی ئەکرد، یەکێ لە خوێندکارەکان تیۆرەکەی داروینی بە ئەقڵانی لە قەڵەم دا، مامۆستا زۆر توڕەبوو بە تۆمەتی بێئیمان و دووڕوو کردییە دەرەوە، وتی: هەر بە چوار ناڵە غاردە بۆ حەوشە. زۆربەی خوێندکارەکان سەرسام بووین.

کە سەیرمان ئەکرد وەک ئەوە وابوو تەماشای زەوییەکەی ژێر پێی خۆمان بکەین، مامۆستا زۆر لە سەرخۆ بەو بچووکییەوە ئەبووە دیکتاتۆر، ڕۆژێکیان هەر کە هاتە پۆلەوە بە خوێندکارێکی وت، کە کورتەیەک لە مێژووی سەردەمی دەرەبەگایەتی باس بکات،

خوێندکارەکە وتی ئەمشەو نەمتوانیوە بخوێنمەوە، بەڵام مامۆستا ئەزانم کە دەرەبەگایەتی حوکمی کەڵەگایەتییە بەسەر ئینسانی دەبەنگ و بێدەسەڵاتدا، واتە ئەو سەردەمە ئینسان مێشکی دەڵەمەیی بوو هێشتا نەمەیی بوو. هەمووومان دەستمان کرد بە پێکەنین، جگە لەو سێ خوێندکارەی کە خودی مامۆستا بە زیرەکی دائەنان هەموومانی کردە دەرەوە، وتی: زۆر بە بێدەنگی ئەڕۆن لە ناو چیمەنەکەدا دائەنیشن وریابن چینەی تیا نەکەن ئەگین نمرەتان لێ ئەشکێنم. بە شاپەڕ لێدان و قوقەقوق چووینە دەرەوە، کاتی پشوو چوین بۆ ژووری بەڕێوەبەر بۆ ئەوەی سکاڵا لە دەست باوکی مامۆستاکان بکەین، بینیمان مامۆستا لە شوێنی بەڕێوەبەر دانیشتووە، هەرچەندە بەزەحمەت توانیمان مامۆستاکان و باوکی مامۆستا لێک جیابکەینەوە، چونکە وەک وتم هەموویان شێوەی باوکی مامۆستاکانیان گرتبوو، لە ناو ئەو هەموو ڕوخسارە لێکچووەدا پەشۆکابووین لە ژوورێکی ئاوێنە پۆشدا بووین کە هەستمان ئەکرد ڕوخساری ئێمەش بووە بە شێوەی باوکی مامۆستاکان، ئێمە تەنها بەهۆی دەنگەوە مامۆستاکانمان ئەناسییەوە (ئەمە کردارێکی هەمیشەییە، مامۆستاکانی ئەم شارە هەموویان یەک شێوەیان هەیە، تەنها دەنگیان جیاوازە) بەڕێوەبەر بە دڵێکی زۆر فراوانەوە لە بەردەم باوکی مامۆستاکاندا ڕاوەستابوو، ئێمە بە بێدەنگی گەڕاینەوە.

باوکی مامۆستاکان خوێندنگەکەی خستبووە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە، ئەتوانم بڵێم بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردەش لای ئەوەوە دەردەچوو، وتبووی کەس ناتوانێ ئەو پرۆگرامە بگۆڕێ کە کۆمەڵێک گەورە پیاوی لە ڕابردوودا بەرهەم هێناوە. چار نەبوو ئەگەر بیوتایە وەک چوارپێ غاردەن یا وەک مریشک چینە بکەن، ئێمە بۆمان نەبوو نارەزایی دەربڕین، لە باسکردنی دیموکراسیش هەر بەردەوام بوو، وانەی ئابووری کلاسیکمان لێ ببوو بەدیموکراسی.

لە پۆلەکەماندا کوڕێک هەبوو زاتی ئەوەمان نەئەکرد بە تیلەچاویش سەیری بکەین دەستبەجێ ئەکەوتە پیاکێشانمان قودرەتێکی وای هەبوو کە نەمان ئەتوانی دەست بکەینەوە، لە بەرامبەریدا چوار پەلمان ئەشکا ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر ڕقمان لێی ئەبووەوە بەڵام نەمان ئەوێرا دەربیبڕین. بە هاتنی مامۆستای دیموکراسی کوڕە ئازاکەی پۆلەکەمان ئەو هێزەی جارانی نەما، ئیدی بەزەییمان بە دیکتاتۆرەکەی خۆمانا ئەهاتەوە ڕقمان لە باوکی مامۆستاکان ئەبووەوە.

مامۆستا لەو وانەیەدا کە باسی کۆمۆنەی سەرەتای دەکرد وتی: کێ ئەزانێ کۆمۆنیست واتای چی؟ پۆل خامۆش بوو کەسمان دەنگمان نەکرد، چونکە ئەمانزانی وەڵامی ئێمەی بەدڵ نییە، لە وانەی مێژووی شۆڕشی فەڕەنسادا واتای ئەو وشەیەمان خوێندبوو، مامۆستا وتی: ئێوە کە هێشتا زەردێنەی هێلکەکە بە دەنووکتانەوەیە لە کوێ توانای وەڵامی ئەو پرسیارەتان هەیە. ئیدی بێزمان لە خۆمان ئەکردەوە هەستمان ئەکرد پەیکەرین و مامۆستا ئەیەوێت پرۆگرام بخاتە سەر شریتی مێشکمان تا بمانخاتە ئیش، وتی: کۆمۆنیست وشەیەکی فارسییە کۆمۆن واتا (خوا)، نیست واتا(نییە) دەممان داچەقاند کردمان بە هەرا، بەڵام وانەزانن بە ئاشکرا بەڵکو لە دڵی خۆماندا و هەر لە دڵی خۆماندا وتمان (ئای لەم جاهیلە، وای ئەگەر ترسمان نە ئەبوو ڕەوانەی ناو سەردەمی پێش مێژوومان ئەکردیتەوە، ئەی ڕوحانی بۆگەن) لە پڕ کوڕە ئازاکەی پۆلی خۆمان خامۆشی پڕکرد لە ژاوەژاو (مامۆستا وانییە ........) مامۆستا بواری نەدا قسەکە تەواو بکات کردییە دەرەوە. کوڕە بەڕۆیشتنەوە ئاوڕی ئەدایەوە چاوی بڕیبووە چاوی مامۆستا، دڵی پڕبوو لە ڕق، بەڵام وەک هەڵۆیەکی باڵ شکاو پیشی خواردەوە، هەناسەیەکی ئەوەندە قوڵی هەڵکێشا ئاگری لە دڵی ئێمە بەردا، ئیدی ئەو لای ئێمە بووە پاڵەوان. لەوەو پێش وەک شێر چنگی لە ڕومەتی زۆربەی مامۆستاکان گیرکردبوو. ئەوەندەی دنیایەک دڵمان بۆ کوڕە ئازاکە سوتا، ئەو کوڕەی کە ڕەمزی پۆلەکەمان بوو، هەموو خوێندنگەکە ئەیانوت خۆزگەمان بە خۆتان کە جەربەزەیەکی وا لە پۆلەکەتاندایە، کێشە نییە با هەڵکوتێتە سەرمان، ڕێگەمان پێ بگرێ ئینسان کە ئازا بوو هەموو شتێکی لێ جوانە. تەنانەت مامۆستاکانیش پۆلەکەیان ناونابووین پۆلی کوڕە ئازاکە، پۆلی ئێمە نە(ا) بوو نە (ب) نە (ج) نە.....ئەوەی خۆی بە نێر بزانییایە ئەو کوڕە ئازایە لە نێرایەتی ئەخست، قسەکەم بە ئەفسانە تێمەگەن، ناتوانم ئەو شەڕانەتان بۆ باس بکەم کە ئەو کوڕە ئەنجامی دابوو بە بێ بریندار بوون، نەمانئەزانی پاژنەی ئەخیل لە کوێی جەستەیدایە، کاتێک لە دوورەوە ئەمانبینی خۆمان لێ لائەدا، دواجار بەڕێوەبەر کوڕە ئازاکەی ناچار کرد کە لای منەوە دانیشێت. ئیدی من ئاگام لە دەرس ودەور نەمابوو لە ترسانا، هەر بە ئارەزوو شەڕی پێ ئەفرۆشتم، زۆر کەس بەزییان بە مندا ئەهاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستەڵات نەبوو ئەبوایە ئەو کۆیلایەتییە قبوڵ بکەم زۆر بە شانازییەوە، چونکە لای کوڕە ئازاکەوە دائەنیشتم، ئەم کوڕە ئازایە لە دایکیەوە ئەو میراتییەی بۆ مابۆوە، لەو گەڕەکەدا ماڵ نەمابوو دایکی ئەو کوڕە شەڕی پێ نەفرۆشێ، هەموو ژنانی گەڕەکی بەزاندبوو پیاوەکان کە ئەیانبینی خۆیان

ئەشـاردەوە، ئەیانوت لە ئاسـت ئەودا پیـاوەتیـمـان لـە دەست ئەدەین. بە منداڵەکانی وتبـوو ئەگەر شـەڕتان بوو لـەبەرامبـەرەکەتان نەدا ئەوا من لە ماڵەوە دارکـاریتـان ئەکەم. جارێک لەگەڵ کـچێکی گەڕەکدا شـەڕی بوو کچـەکە ئەوەندەی نەمابـوو بیبـەزێنێ، لە ناکاو پەلاماری کچـەی دا و لە چاوتروکانێکدا دەرپێکەی لە پێ داکەند، کچـەی داماو لەشـەرما بورایەوە، پاش ئەوەی بردیانە مـاڵەوە و هۆشی هاتەوە کەسوکارەکەشی کـەوتنە سەرزەنشت کردنی، ئەو کچە شکستخواردووە تا ساڵێکیش تەنها بە شەو هاتوچۆی ئەکرد ئەویش ئەگەر چاوی خەڵکی لێ دیار نەبووایە، ئیدی ئەو شەڕەی دوایین شـەڕبوو لەو گەڕەکەدا و بەشـەڕی دەرپێ ناسـرا، دوای ئەو شـەڕە لەو گـەڕەکـەدا هیـچ ژنێ یا کـچێ دەرپێی پزوو لاسـیکی لـە پێ نەئەکرد بەڵکو وەکو پیـاو دوخـێنێکی زۆر بەهێزی لەپزووی دەرپێکەی هەڵئـەکێشـا، و هـەر مـێـینەیەک ڕووبـەڕووی ئەو ژنە ببـوایەتەوە دەسـتـبـەجێ ڕایئـەکـردەوە ژوورەوە و دەرگـای دائەخـست، زەمـەنێکی زۆری ویست تا ئەو کـارەسـاتە کـۆن بوو پـزووی دوخـێن بووەوە بە لاسیک، و شـەڕەکانیشی هەمـیشـە بەهۆی مناڵەوە بوو. ئەو کوڕە خـۆی قارەمـان بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو ژنە دایکی بوو زیاتر ترس و سامی پەیدا کردبوو.

خـوا دەرووی ڕەحـمـەتی لێ کـردمـەوە باوکی مـامـۆسـتـاکـان هـاتـە خـوێندنگەکـەمـان ئیـدی کـوڕە ئازاکـە چـارەنووس توشـی ڕووداوێکی چـاوەڕوان نەکـراوی کـردەوە، لە نـاوڕاسـتی فیلمەکەدا توشی ئەو خائینە بوو کە لە ڕێوی ڕێوی ترە.

لە چرکـەسـاتێکی مـێژووییدا باوکی مـامـۆسـتـاکـان ئەبوایـە دوو وانەی بە دوای یەکدا بە ئێمـە بوتایەتەوە، وانەی یەکـەم کـوڕەکـە جـوڵە جـوڵی بوو ئەتوت جیـوەی تێدایە دەسـتی بە سکیـەوە گرتبـوو، هـەردوو قـاچی جـووت ئەکـرد، بە تیلـەچاو سـەیرم ئـەکـرد، لە ژێر لێـوەوە (سـەیرم مـەکـە دەبەنگ)سـات دوای سـات زیاتر ئەجـولا و سـەیری باوکی مـامـۆسـتـاکـانی ئەکرد، منیش لە ژێرەوە هـەر سـەیرم ئەکرد واتە نە من نە ئەو ئاگامان لە وانەکە نەمابوو، لە ناکـاو دەسـتی هـەڵبـڕی وتی: مـامـۆسـتـا بچـمە دەرەوە؟ مـامـۆسـتـای دیموکراسی بە نەخـێر وەڵامی دایەوە. جـولانی کـوڕە زیادی کـرد، چەند جارێکی تر بە مـامـۆسـتـای وتەوە، بەڵام مامۆستا نەیهێشت بچێتە دەرەوە وتی چەنـد خولەکێکمان ماوە لە پشـووە کەمەکەدا بچۆرە دەرەوە، لە کۆتاییدا بێهیوا بوو لەگەڵ بێدەنگبوونی ئەودا زەنگی کۆتای وانە لێ درا.

هەمـوومـان چووینە دەرەوە لە پۆل، بەڵام کـوڕە دامـاوەکە لە شـوێنی خـۆی نەجـولا سـەری شـۆڕ کردبوو، دڵمـان پێی ئەسـوتا. زەنگی چونـە ژوورەوە لێ درا، دیسـانـەوە وانەی باوکی

مـامـۆسـتـاکـانمان هەبوو کـە بڕیاری دابوو سـەرلەبەری ئەو وانـەیە باسـی ڕەگـوڕیشـەی دیموکراسیمان بۆ بکات، کاتێک چووینە پۆلەوە بۆنێکی زۆر پیس ئەهات کە تەواو مێشکی پڕ ئەکرد، هەمـوومـان لوتی خـۆمـان گرتبوو، چوومـە شـوێنەکـەی خـۆم واتە تەنیشت کوڕە دامـاوەکـەوە، بۆنـەکە زیاتر خـەست بووەوە زۆر بە بـەزەییـەوە سـەیرم کـرد، جوێنێکی دا و سەری داخست، ترسام ئیدی بە ئاستەم سەیرم ئەکرد. پێ ئەچوو لە WC دانیشتبێن هەر خوێندکار بوو بە دەستێک لوتی خۆی گرتبوو دەستەکەی تریشی کردبوو بە باوەشێن، مامۆستای دیموکراسی هاتە ژوورەوە بە یەکجار هەموو دەستەکان ڕاوەستان و لە شێوەی سڵاودا بۆ مامۆستا بەکارهاتن، مامۆستا کاتێک ئەو هەموو سڵاوەی بینی پەشۆکا، لە تاو ئەو بۆنە خەریک بوو دڵمان ڕائەوەستا، مـامـۆسـتـا بەشـێـوەیەکی سـەیر نزیکەی پانزە سانتیمەتر کەمی کرد هەستمان کرد لەبەر ئەو بۆنە ناخۆشە بوو، هەموو شتێکی لە بیرچووەوە وتی: دنیای جەهالەت چ بۆنێکی گرتووە، لوتی خۆی گرت و بە دەنگێکی گن ئەینەڕاند، بە نیاز بوو شوێنی بۆنەکە دیاری بکات، ئێمەش نەمان ئەوێرا دەست بە لوتمانەوە بگرین، لە نێوان کێشەی کوڕە ئازاکەی ڕابردوو و مامۆستای دیموکراسیدا باروودۆخـێکی زۆر خـراپمـان هەبوو، وای لە ژووری دیموکـراسی بەدەست باوکی مامۆستاکانەوە چی بەسەرهاتبوو، هەموومان سەیری مامۆستای دیموکراسیمان ئەکرد، لایەکم کردەوە بەلای کوڕە داماوەکە سەری داخستبوو ڕەنگی گۆڕابوو بۆ شێوەیەکی تر.

مامۆستا لە ڕیزی یەکەمەوە سەرەی پیاگرت زۆر بە وریاییەوە بۆنی پێوە ئەکردین، تا لە شوێنەکەی من نزیک بوایەتەوە زیاتر پەرێشان ئەبوو، گومانم لەخۆم کرد سەیرێکی پاشەڵی خۆم کرد نەکا خۆم پیس کردبێت و بەخۆم نەزانیبێ، یەک دوو جار ویستم کێشەکە ببڕێنمەوە، بەڵام نەموێرا لەهەمان کاتیشدا کوڕە داماوەکە لەژێر لێوەوە هەڕەشەی ئەکرد ئێمەش لەو کۆتاییانەدا زیاتر کەوتبووینە ژێر کاریگەریی کوڕە داماوەکەوە وەک قارەمانێک سەیرمان ئەکرد، هەرچەندە ئەوکاتەی دەسەڵاتی هەبوو زۆر دڕندە بوو بەرامبەرمان. هەموو ڕەنگەکانم لە ڕوخساری ئەو داماوەدا بینی شێوەی ببووە پەلکەزێڕینە، قورسایی ڕووداوەکە لێرەدا دەرئەکەوێ، ئیدی ڕەنگی ڕوخسار ڕاوەستا لە شێوەیەکدا، ئەو شێوەیەش تارمایی ڕیسوابوونی ئینسانێک بوو، مامۆستا گەیشتە سەرمان بە هەردوو دەست لوتی خۆی گرتبوو بۆنی بە منەوە کرد و دەستێکی لە پاشەڵم هەڵسوو، کە زانی تەڕ نییە ڕایکێشامە دەرەوە و سەری لە کوڕە داماوەکە نزیک کردەوە ویستی قسە بکات بڵێ دواجار دیموکراسی سەردەمی حەماسە و پاڵەوانێتی بۆڕدا، بەڵام ئەو بۆنە ئەوەندە تیژ بوو

ژێیەکانی قورگی بڕی بوو، فزەی بۆ نەکرا پاڵەوان گەرچی ڕوحی تیادا نەمابوو، بەڵام ئەو سامەی جارانی هەر هەبوو بە بۆنیش بێ باوکی مامۆستاکانی بێزار ئەکرد، باڵای مامۆستا بەشێوەیەکی سەیر کەمی کردبوو لە ماوەی ئەو دوو خولەکەدا، لەبەردەم پاڵەواندا ئەوەندەی جوچکێکی لێ مابۆوە، لە کۆتاییدا ئەو دووانە ڕووبەڕووی یەک بوونەوە کە بووە هۆی پەلوپۆ شکانی پاڵەوان و تێکشکانی لە ناخدا، مامۆستا بەرگەی ئەو بۆنەی پاڵەوانی نەئەگرت زۆر بچووک بووبووەوە تەواو بێزار بوو پێی. دەستی گرت ڕایکێشایە دەرەوە ئەو کوڕە ئازایەی جاران بۆ درزێکی بچووک دەگەڕا تا خۆی تیادا بشارێتەوە، مەرگی ئەکرد، ئاواتەخواز بوو باڵی لێ بڕوێت تا لە لوتکەدا بمرێ بەڵام دەست نەئەکەوت، بڕواتان هەبێ زۆربەمان لە ژێرەوە دەستمان کردە گریان بۆی، ئاخ لەو ڕابردووە شکۆدارەی، و ئەو ڕیسواییەی ئێستای. مامۆستا وتی: ئەوە دەم درێژەکەی جارانیشم دەستگیر کرد، زۆر بە ڕیسواییەوە خۆی شاردبۆوە، لەوەتەی من هاتوومەتە ئەم خوێندنگەیە ئەو بۆنە هەراسانی کردووم، بەڵام شوێنەکەیم بۆ دیاری نەئەکرا تا ئەمڕۆ دۆزیمەوە ئیدی ئاژاوە تەواو. ئێمە فزەمان لەخۆمان بڕیبوو، هەرچونێک بێ پاڵەوانی تێکشکاو خۆی لە دەستی مامۆستای دیموکراسی ڕاپسکاند و چووە دەرەوە، ئیدی سەری خۆی هەڵگرت.

بۆ ڕۆژی دوای ئەو کارەساتە واتە تێکشکانی حەماسە، لەکاتی وانەی بیرکاریدا گوێمان لە هەراوهوریا و وهوتاف کێشان بوو، کاتێک لە پەنجەرەکەوە ڕوانیمان هەرچی خوێندکاری ئەو خوێندنگەیە بوو بەشوێن کوڕە داماوەکە کەوتبوون، وەک گای قوربانی نەیئەزانی ڕوو بکاتە کوێ، لە هەموو شیعارێکیاندا وشە بۆگەنەکان بەکار ئەهات، کوڕەی سەردەمی حەماسە نەیتوانی لەو خوێنگەیەدا جێی ببێتەوە، باوکی مامۆستاکان سزای ئەو قارەمانەی دا، دووری خستەوە بۆ خوێندنگەیەکی تر، ئەتوانم بڵێم بۆ شارێکی تر یا دورگەیەکی چۆڵ.

مامۆستا نامرێ، نەخۆش ناکەوێ، بەڵام هەفتە دوای هەفتە بچووک ئەبێتەوە ئەڵێن ئەو کەسێکی نەمرە جەستەی پیرۆزی نەخۆشی نایگرێتەوە، ئەو بچووکبوونەوەیە شایەدی لەسەر پیرۆزی ئەو ئەدا. من ئەڵێم تا ئەو کاتەی وای لێ دێ ئەوەندە بچووک دەبێتەوە کە ئیدی بە هەوادا ئەچێ.